www.kurdistannet.org
27-11-2006 12:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مام زۆراب چی لە نەوشیروان دەوێ ... د. سیروان جاف

بە لێ شاراوەنیە کە ڕۆژنامەی هاولاتی لە داهێنانی بە ڕێز نەوشروانە، وە ئەمە جێگەی شانازیە بۆهەموو کوردێکی نیشتمان پەرو وە ەرو سەربەرز، کە لە کوردوستاندا ئێستا هاولاتی بۆتە یەکێک لە رۆژنامە سەرکەوتوەکان لە کوردوستان وە هەروەها زۆربەی چەناڵە کانی عەرەبی وە بێگاناکانی تر هاولاتیان کردووە بە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەیی وە وەرگرتنی هەالەکان لێوەی. مام زۆراب دەلێ کاک نەوشیروان فەشەلی هێناوە وە کەوتۆتە باس کردنی ئەو شتومومکە کۆنانەی کە ئێستا لە بەرژەوەندی کەس نیە بێتە باس کردن، ئەمە تەنها مانای ئاگر خۆشکردنە وە زیاتر بەنزین کردنە بە ئاگرەکەدا. مام زۆراب لە نوسینەکەی ڕۆژی 25/ 11 /دا دەربارەی کاک نەوشیوان وە ئەم مام زۆرابە لەوەش دەچێ کە زۆر بترسێ لەبەر ئەوەی ناوی خۆشی بە قەرز وەرگرتووە، نەک ناوی ڕاستیەتی، زۆر بە هەڵەدا چوە لەسەر بۆ چوونەکانی لەسەر کاک نەوشیوان. ئەگەر بێتو بکەوینە باسکردنی هەلەکانی سیاسەتمەدارەکانی کورد، دە بینین هەر لە ماڵی بارزانیەوە تاکو ماڵی مام جەلال وە ئەوانی تریش هەر هەمویان بە جوملە هەڵەیان هەیەو پشتی کوردو کوردوستانیان داوە لە زەمین. مام زۆراب خۆشت باش دەزانی کا کاک نەوشتروان یەکێکە لە ڕۆشنبیرەکانی یەکیەتی، کە زیاتر لە سەداهەفتا کەس لە چینی ڕۆشنبیرانی یەکیەت لەگەڵدایە، وە هەروەها خۆشت باش دەزانی کە هەڵبژاردنەکەی ئێستای یەکیەتی هەمووی گزیو ساختە بوو، بەزەبری پارەو دەمانچەو فراندن و لێدان هەندێ لایەن بردیەوە. کاک نەوشیروان چەندین بلاوکراوەی هەیە وە لە کۆتایی سالانی هەشاکاندا لا بلاوکراوەکانیدا باسی نەخشەی عێراقی دەکرد، کە ئەم ولاتە دەبێت بکرێت بە سێ بەشەوە، کە ئیسا ئەمەریکیەکان پلانی داهاتوی عێراق بەو شێوەیە دەبینن. بەلێ زۆر ڕاستە کاک کۆسرەت کابرایەکی تێکۆشەرو عەسکەریە، وە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خویندەواریەوە، فەرموو مام زۆراب پرسیارێک بکە لە بەرێز کاک کۆسرەت تاکو ئێستا چ کتێبێکی خوێندۆتەوە؟ وەلام هیچ (انا اللە و انا الیە راجعون) . وە هەوەها بەهامان شێوە کاک نەوشیروان کابرایەکی پرۆتۆکۆلیە وە عەسکەری نیە. لە مێژوودا زۆر کاسانی گەورە هەبوون کە عەسکەری بوون وە پەیوەندیان نە بووە بە دبلۆماسیەتەوە، وە هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە نەگەنە ئەنجام لە کارەکانیاندا. وەکو ناپلیون کەبرایەکی عەسکەری بووە، ستالین بە هەمان شێوە عەسکەری بووە. کاک کۆسرەت بە هەمان شێوە کابرایەکی عەسکەریە وە توانای دیبلۆماسیەت و وتاری سیاسی نیە، ئنجا با خۆشمان هەڵنەخەڵەتێنین، لەبەر ئەوەی هەمووومان کاک کۆسرەتمان بینیوە کە قسەدەکات لەسەرتەلەفزیون. (صدق اللە العضیم) کاک نەوشیوان دژایەتی هیچ لایەنێکی نەکردووە وە ناشیکات، تەنها کێشە ئەوەیە کە هەندێ هەڵە هەیە دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە لە ڕەگەزەوە، وە ئەم چارەسەرکردنان هەندێ کەس پێی دەڵێن رفۆرم، هەندێ کەس پێی دەڵێن تەکەتول. وە هەندێ کەس نایەوێ ئەم هەلانە ڕاست بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە بەر بەرژەوەندی خۆیان نیە، وە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر شتی شاراوە ئاشکرابێت، وە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی کێشەیەکی تر لەناو خەڵکیدا. هیچ کاتێک کاک کۆسرەت جەماهیری زیاتر نەبووە لە کاک نەوشیروان، ئەمە نەمن وە نە مام زۆراب بریار دەدا، بەڵکو میللەت بریاری دەدا، وە بڕیاری داوە، بەلام کاک کۆسرەت بە زەبری قوەت و دەمانچە پیاوەکانی ناردۆتە سەر کەسانی هەژارو بێ دەسەلات بۆ کرینی دەگەکان بۆ هەڵبژاردنەکە. ئەمە هەموو کەس ئاگادارە وە هەروەها ئەمەریکیەکانیش زانیاریان هەیە وە بە شئوەیەکی کۆنکریتانە ئاگادارن لە سەر ئەم ڕوداوانەی لە ناو یەکیەتیدا ڕویداوە وە ڕودەدا، ئەمانە لەکات و ڕۆژی خۆی دا دێتە باسکردن و ئاشکراکردن.. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی ناو یەکیتی ئەگەر بێتوو ئێستاش

نەبێت ماوەیەکی تر هەر دەبێت ڕووبدات وە هەر دە بێت لا یەک بە لایەکدا بکەوێت وە ئەم کیشەیەی نێوان کاک نەوشروان ە کاک کوسرەت دەبێت ساغ ببێتەوە تاکو بەڕێز مام جەلال بە توانایەو دە تونێت بجولێ، ئەگەر بێتو مام جەلال نام چی ڕودەدا لە نێوان هەردوولا؟ مام جەلال بە هەمان شێوە زۆر باش دەزانێ کە کاک کۆسرەت سەرکردەیەکی بیر تەسکە وە وەکو کاک نەوشروان نیە، وە مام جەلال با هامان شیوە دەزانێت کە کاک کۆسرە ت ئێستا بووە بە میلیاردێر، بە لام بەڕێز مام جەلال هەر کاک کۆسرەتی لا باشتترە، لە بەر ئەوەی باش دەزانی کە کاک کۆسرەت هیچ کاتێک وەکو کاک نەوشیروان بیری چاک سازی و گۆڕانکاری ناکات وە کاک کۆسرەت تاکو ماوە هەر لە جێگەی خۆی دەمێنێ وە هەروەها مام جەلالیش ئەوەی پێویستە کە کەس دەست تێکەڵاو نەکات لە ئیشکانی، بەڵام یەمە بە دڵی هەموو کەس نیە، لەبەر ئەوە لە هەموو بزاڤێک لە جیهاندا دەبێت جۆرە گۆڕانکاریەک پەیدا ببێت، وە کۆنەکان یاخود بیرە کلاسیکیەکان بێنە تازەکردنەوە بە بیرێکی مۆدێرنانەو وە ئەکتیڤترانە. باشە مام زۆراب ئەو پرسارەی کردووە لە بەڕێز کاک کۆسرەت کە خاوەنی چەند سەدین ملیون دۆلارە، ئایا ئەمەی لە کوێ بووە؟ وە بە سەدان کەسانی بێ سومعەو بێ مەستەوای لە خۆی کۆکردۆتەوە، ئیا بۆجی؟ کاک کۆسرەت کەسانێکی زۆر خۆشیان دەوێ بە تایبەتی پێشمەرگە دێرینەکان، وە ئەمە ڕەوشتێکی زۆر جوانە. باشە مام زۆراب پرسیارت کردووە ئایا کاک نەوشیروان بۆ خاوەنی ئەو شتە قبانە نیە؟ ئایا مام زۆراب سەری ماڵی کاک عومەر سەید عەلی داوە کە خاوەنی هەندێ کورسی ڕیک و پێک نیە کە میوانەکانی بتوانن لەسەری دابنیشن؟ مام زۆراب گیان ئەمە ڕاستیە کە بۆم ڕونکردویتەوە وە با خوێبدەوارەکانیش بە هەمان شێوە ئاگادار بن، کە یەکیەتی پێویستی بە کەسانی ڕۆشنبیرو مێشکێکی تازەن، بەڵی سەردەمی خەباتی پارتیزانیی و شاخ نەما، سەردەمی کاسانێکی خاوەن بیرو ڕای تازەن، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی ئینتەرنەت و چەناڵە تەلەفزیونیەکان و دیموکراتیەکی ئاشکرایە، کە میللەت داوای گۆڕانکاری و تازەکردنەوردەکات. ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە گەنجەکان دەمکوت کەین وە ڕوداوەکانی جیهانیان لێ بشارینەوە. لەوانەیە بۆ ماوەیەک ئەو خەڵکە بەبێ دەنگ بمێنێتەوە، بە لام لە داهاتویەکی نزیکدا ئەم بارە دەتەقێتەوە وە ئەو کاتە کار لە کار دەترازێت وە ئەم شاڵاوە ناوەستێت، تاکو هەموو پۆخڵەواتە پیس و ڕەشەکان لە گەڵ خۆیدا نەبات ناوەستێت. ئەو کاتە مام زۆراب دەبێ لە کوردوستان نەتدا بنوسیت کە چیمان بە خۆمان کرد !!!!